مەسرور بارزانی و ئەسعەد شەیبانی باس لە کەمکردنەوەی گرژییەکان و ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەسعەد شەیبانی، وەزیری دەرەوەی سوریا کۆدەبنەوە و بەگوێرەی وتەی بەرپرسێکی نوسینگەی بارزانی، باس لە کەمکردنەوەی گرژییەکان و ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت.

عەزیز ئەحمەد، جێگری بەڕێوەبەری نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی "X"، نوسیویەتی، مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیران ئەمڕۆ پێنجشەممە لە داڤۆس لەگەڵ ئەسعەد شەیبانی وەزیری دەرەوەی سوریا کۆدەبێتەوە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەو کۆبونەوەیە لە پاشخانی دانوستانەکانی ئەم دواییەی سەرۆک وەزیران لەگەڵ سەرکردەکانی ئوردن، ئیمارات، تورکیا و بەحرەین دێت، بەم نزیکانە لە قەتەر درێژە بەو دانوستانانە دەدات.

ئەو بەرپرسەی نوسینگەی مەسرور بارزانی دەڵێت، لەو کۆبونەوەیەدا باسی "کەمکردنەوەی گرژییەکان و ڕووبەڕووبونەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، هەروەها بە ئەوەیە چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتیدەر و هەماهەنگ بێت لە پەرەپێدانی لێکتێگەیشتن و هاوکاری زیاتر لەوانەش

لەسەر مافەکانی گەلی کورد لە سوریا".